# کیتی شوێنی ئۆبامای لەق کرد



## سوهێر

خانمە ئەکتەری میسری سوهێر رەمزی لە میانەی دیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا رایگەیاند کە ئێستا و دوای ئەوەی وازی لە کاری هونەری هێناوە هەست بە پەشیمانییەکی زۆر دەکات لەو کارانەی کە پێشتر بەشداری تێدا کرد، بەتایبەتی ئەوانەی کە وروژێنەر و نیمچەرووت بوون.

سوهێر لە درێژەی دیمانە تەلەفزیۆنییەکەیدا وتی: من ئێستاش هەمیشە ئەو پرسیارە ئاراستەی خۆم دەکەم کە بۆچی بەشداریم لەو جۆرە کارانەدا کردووە لە کاتێکدا لەرووی ماددییەوە بارودۆخی ماددیم زۆر باش بوو و پێویستم بە پارە نەبوو، یانیش خۆشەویستی من بۆ سینەما گەیشتبووە ئەو ئاستە کە بەم کارانە رازی

خانمە گۆرانیبێژی ئەمریکی کیتی بیری گەیشتە لوتکە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر دوای ئەوەی ژمارەی ئەو کەسانەی سەردانی پەیجەکەیان کردووە و هاوڕێن لەلای، گەیشتە زیاتر لە ٥٠ ملیۆن کەس بەمەش دەبێتە بەناوبانگترین کەسایەتی لە سەرتاسەری جیهان نەك تەنیا لە نێو هونەرمەندان بەڵکو لە نێو کەسایەتییە ناودارەکانی جیهان بە گشتی. بەم بۆنەیەوە کیتی لە پەیجی خۆی بەشێوەیەکی گاڵتە ئامێز نووسیبووی: ئا. بەڵێ، ئێستا ئێمە گەیشتینە پەنجا ملیۆن کاتی کاتس، لە دوای کیتی گۆرانیبێژی پۆپی کەنەدی جاستین پیپەر دێت کە نزیکەی ٤٩،٤ هاوڕێی لەسەر تویتەر هەیە، بەڵام باراك ئۆبامای سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە نزیکەی ٤١،٢ ملیۆن کەس لە پلەی سێیەم دێت و لەیدی گاگای گۆرانیبێژیش لە پلەی چوارەم هات بە ٤١ ملیۆن هاوڕێ و هەر یەکە لە تایلۆر سویفت و برێتنی سپێرز و ریهانا و جاستین تیمبرلانك لە پلەکانی دوای ئەمانە هاتن لە تۆڕی تویتەر وەك خاوەن جەماوەرترین کەسایەتییەکانی جیهان. شایەنی باسە کیتی توانی پلەی یەکەم لە پیپەر بسێنێت و پێشتریش بە هەمان شێوە پیپەر پلەی یەکەمی لە لیدی گاگا سەند بوو دوای ئەوەی بۆ ماوەی دوو ساڵ بەناوبانگترین کەسایەتی بوو لەسەر ئاستی جیهان بەپێی تویتەر.



# پەشیمانە

بم و هەر ئەو خۆشەویستییە بوو لە نیعمەتی دایکایەتیشی بێبەش کردم. سوهێر باسی لەوەش کرد کە ئەو کات هەستی بەوە نەدەکرد ئەم کارە حەرامە یان مایەی شەرمەزارییە بەڵکو بە بەشێك لە پیشەی خۆی دادەنا، بەڵام دەیتوانی هەر کێشەیەك لە سینەمادا بخاتەڕوو بێ ئەوەی پێویست بە خۆرووت کردنەوە بکات، چونکە مەرج نییە تۆ باسی کچێکی بەلارێداچوو بکەی و بێی لە فیلمێکدا وەك خۆی بەرجەستەی بکەی و لەم بارەیەوە باسی چەند دەرهێنەرێکی کرد کە گەرمترین بابەتیان دەخستەڕوو بێ ئەوەی داوا لە ئەکتەر بکەن خۆی رووت بکاتەوە لە هەمان کاتدا بینەریش بە ئاسانی لە مەبەستی دەرهێنەرەکە دەگەیشت.

# بریانکا ریکلام بۆ ئۆتۆمبیل دەکات

جگە لەو داهاتەی کە لە رێگای کاری نواندنەوە دەستیان دەکەوێت و زۆر جار ژمارەکان خەیاڵین زۆربەی هەرە زۆری ئەکتەران بەتایبەتی ئەکتەرە ناودارەکان لەسەر ئاستی جیهان لەوانەش ئەکتەرە هیندییەکان کە ئێستا جەماوەرێتیان سنووری هیندستان تێپەڕاندووە. ئێستا زۆربەی ئەستێرە سینەماییەکانی هیندستانی بوونەتە مۆدێل بۆ زۆربەی مارکە جیهانییەکان وەك کەرەستەی جوانکاری و ئامێرە ئەلکیترۆنیەکان و ریکلامی گەشتیاری بۆ وڵاتەکان، بەم دواییە ئەستێرەی ناوداری سینەمایی بۆلیۆد بریاناکا شوپرا ریکلامی بۆ پیشانگای ئۆتۆ ئیکسپۆی تایبەت بە کۆمپانیای لاندرۆڤەری تایبەت بە ئۆتۆمبیل ئەنجامدا، شوپرا هەرچەندە بریندار بوو و پێی بەسترا، بەڵام ئەمە رێگر نەبوو لەوەی ریکلامەکە ئەنجام بدات و ژمارەیەك وێنە بگرێت لەکاتی کردنەوەی پیشانگاکە، ئەوەی زیاتر بووە مایەی سەرنجی ئامادەبووان و وێنەگران بەشێوەیەکی تایبەتی ئەوە بوو کە بریانکا سەرەڕای برینی پێی لەسەر بۆنیتی ئۆتۆمبیلەکە دانیشتبوو بۆ وێنەگرتن و بە جلە رەش و کورتەکانی زیاتر سەرنجی ئامادەبووانی بۆ لای خۆی راکێشا.

شایەنی باسە بریانکا بە یەکێك لە ئەکتەرە هیندییە سەرنجڕاکێش و وروژێنەرەکان و خاوەن جەماوەرێکی زۆر ناسراوە و هەمیشە ئەو فیلمانەی بەشداری تێدا دەکات بە فیلمە پڕ داهاتەکان ناسراون.

